# زمان و پاچڤە

**حەمەکەریم عارف**
**(سلێمانی)**

**(٢- ٢)**

ئەگەر هەندێک بە وردی لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی هەر میللەت و نەتەوەیەک وردببینەوە دەبینین ئەم زمانە ستانداردە، بە درێژایی ڕۆژگار و بە پێی پێداویستییە حەیاتییەکانی ئەو میللەت و نەتەوەیە، لە دیالێکت و شێوەزارەکانی ئەو میللەتە دروست بووە، واتە شێوەزارەکان وەک جۆگەلە ڕژاونەتە ناو زمانە ستانداردەکەوە و دەوڵەمەندیان کردووە، واتە هەوێن و ماکی زمانی یەکگرتوو، یەکێک لە شێوە زارەکانە. هەڵبەتە گەلەک فاکتەری کۆمەڵایەتی (زۆری ژمارەی ئەو کەسانەی قسە بەو دیالێکتە دەکەن و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاری دێنن) و پێشینەی مێژوویی و جیۆسیاسی و ئابووری و بازرگانی و کولتووری و ڕۆشنبیری و ئایینی و بەرژەوەندی ماددی و مەعنەویی ئەو میللەت و نەتەوەیە ڕۆڵیان لە چێکردنی ئەو زمانە یەکگرتووەدا بینیوە و بووە بە پردێکی ئەمینی پێوەندییە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەکاری دێنێت و جۆرێک تەبایی نەتەوەیی و ئاشتی و پێکڤە سازانی لە نێواندا دروست کردوون، جا لە ڕوانگەی هەمان هاوکێشەوە بیرۆکەی بەکارهێنانی زمانێکی ئاسایی وەک ئەڵقەی پێوەندیی نێوان هەموو کۆمەڵگەی بەشەری لە سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە و بە شێوازی جۆراوجۆر کاری بۆ کراوە و تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت میللەتان و دنیای بە ڕادەیەک لە یەکتر نزیک کردووەتەوە کە بە ڕاستی دنیا بووە بە گوندێکی زۆر بچووک و ڕەنگە حاڵی حازر تاقە عەیبی ئەم پرۆسەیە ئەوە بێ کە خەڵکی ئەم گوندە هێشتا وەک پێویست لە یەکدی حاڵی نابن.

دیارە هەر دیاردە و ڕووداو و پرۆسەیەک لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، دیاردەی بە جیهانی کردنی زمانی ئاسایی نەتەوەیەک، یان وڵاتێکیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەو زمانە لە ئاستی جیهاندا ببێتە مایەی زاڵیی هزری و پراکتیکی خەڵکانی سەر بەو زمانە و بە سەر ئەو خەڵکانەدا کە ئەو زمانە میناکی

زمانـی دووەم و زمانـی بیانـی فێـر دەبـن. بـۆ نموونە دەوڵەتی بریتانیا لە سەدەی نۆزدەدا کە دیتییان سەرانی وڵاتانی پاشکەوتووی ئاسیایی و ئەفریقایی شارەزاییەکی تەواویان لە زاراوە و دەستەواژە و چەند مانایی وردەکارییەکانی زمانی ئینگلیزیدا نییە، بەکردەوە لەو گرێبەست و پرۆتۆکۆل و پەیماننامانەدا کە بە زمانی ئینگلیزی دەگەڵ ئەو وڵاتانەدا دەیبەست، کڵاوی دەکردنە سەر و دەستکەوتێکی زۆری بۆ خۆی بەدەست دەهێنا، ئەمە جگە لەوەی چەسپاندنی زمانێکی تایبەتی وەک زمانێکی جیهانی، خەڵکی لە فێربوونی زمانەکانی دی تەوەلـلا دەکات و خێرایی بە پاشەکشە و مەرگی ئەو زمانانەی دی دەبەخشێت و لە دوا ئەنجامدا دەبێتە مایەی توانەوەی نەتەوە بچووکەکان کە ئەمە لەباری ڕوحی و سایکۆلۆژییەوە قەبووڵکردنی فرە ئەستەمە.

لە هەلومەرجی ئیستای جیهاندا خەڵکانێکی زۆر هەن پێیانوایە فێربوونی ئەو زمانانەی کە سوودێکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسییان پێوە بەند نییە، خۆی لە خۆیدا کات بە فیڕۆ دانە. بۆ نموونە ڕەواج و برەوی جیهانیی زمانی ئینگلیزی هەیبووە کارێک نەک هەر خەڵکانی ئاسایی ئینگلیزی زمان ڕوو لە فێربوونی زمانانی دیکە نەکەن، بەڵکوو ڕێژەیەکی کەم لە کارناسان و کارگێڕانی کۆمپانیا بریتانییەکانیش جگە لە زمانی ئینگلیزی زمانانی دی، یان نازانن، یان ئەوەندەی نازانن کە لە بواری کاری خۆدا تەفاهومی پێ بکەن. زۆر کەسی تریش پێیانوایە دروستبوونی جیهانێکی تاکزمانی خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکە بۆ هاتنەدی ئاشتی و یەکێتیی جیهان. هەڵبەتە خەڵکانێکیش هەن پێیانوایە بەکارهێنانی یەک زمان لە سەرانسەری جیهاندا زامنی تەبایی و لێکدی حاڵی بوونی هاوبەش نییە و مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو وڵاتانەی کە خودانی یەک نەتەوە و یەک زمان بوون و شەڕی خوێناوی دوورودرێژی ئەوتۆیان تێدا هەڵگیرساوە کە بووەتە مایەی جیابوونەوەی نیشتمانی و نەتەوەییان.. بۆ نموونە شەڕی جیابوونەوەی ئەمریکا، شەڕی ناوخۆی ئیرلەندای باکوور، هەروەها فرەزمانیش لە وڵاتێکدا مەرج نییە ململانێی نەتەوەیی و ئیتنی و نەژادی لێ بکەوێتەوە، نموونەش فنلەندا و سویسرایە.

هەڵبەتە ئەو کەسانەی کە زمانێکی جیهانی لە منداڵیڕا وەک زمانی دایک و زگماک فێردەبن، بە بەراورد دەگەڵ ئەو کەسانەدا کە هەمان زمان وەک زمانی دووەم و بیانی لە تەمەنی مێردمنداڵی و گەورەییدا فێر دەبن، لە ڕووی توانایی زمانەوانییەوە بە دەسەڵاتترە. بۆ نموونە کەسێک کە ئینگلیزی زمان نییە، واتە زمانی ئینگلیزی زمانی زگماکی نییە بۆ نووسین و ڕاپۆرت و وتارەکانی، لە چاو کەسێکی ئینگلیزی زمانەوە کە هەمان کاری ئەو دەکات، پێویستی بە کات و ماندووبوونی زیاتر هەیە.. ئەمە بێجگە لەوەی کە بایەخدانی زۆر بە دروستیی بەکارهێنانی زمانەکە دەبێتە مایەی ئەوە کە ئاستی داهێنەرانەی کارەکەی تا ڕادەیەک دابەزێ، هەروەها ئەو زانایانەی کە لە ژینگەی زانستی نێونەتەوەییدا، بابەت و نووسینەکانیان بە زمانی غەیرە ئینگلیزی بڵاودەکەنەوە، لەوەیە کارەکانیان پشتگوێ بخرێ و لە مافی ماددی و مەعنەویی خۆیان بێبەش ببن، ڕەنگە ئەم گرفتە بەوە چارەسەر ببێ کە سستمێکی فێربوون و خوێندنی جیهانی ئەو زمانە لە وڵاتە جیاوازەکانی دنیادا، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە پیادە بکرێت و ئەگەر ئەم سستمە بە شێوەیەکی دروست و جیددی بەکار ببرێ هەنگێ توانایی زمانەوانی منداڵێکی ئەم پەڕی

دنیا دەگەڵ یەکێکی ئەوپەڕی دنیادا لە بواری فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا جیاوازییەکی بنجی، یان فرەی نابێت.

***

ئایا هەڵبژاردن و جێگیرکردنی زمانێک وەک زمانی جیهانی خێرایی بە پاشەکشە و مەرگی زمانە بچووکەکان، زمانی کەمینەکان دەبەخشێت؟ هەڵبەتە زمانیش وەک هەر بوونەوەرێکی زیندوو لە هەڵکشان و داکشان بەدەر نییە، لە گەشەکردن و لە پووکانەوە بەدەر نییە، قۆناغی زێڕین و ژێرینی خۆی هەیە، قۆناغی ڕەواج و برەو و قۆناغی کەساد و نەمانی هەیە، کەس بە تەواوەتی نازانێت تا ئێستا چەند زمان لەم دنیایەدا پووکاونەتەوە و مردوون، ڕەنگە ژمارەیان بگاتە چەند هەزار زمانێک، کەواتە مەسەلەی ڕەواجی زمان و مەرگی زمان تەنیا پێوەندی بە هەڵبژاردن و جێگیرکردنی جیهانیی زمانێکەوە نییە. زۆرجار مەرگی زمانێک لەوەوە هاتووە کە گەلێک لە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتووری و زمانەوانییەوە، بەتەواوەتی تەسلیم بە گەلێکی دیکەی زاڵ بووە، لەوە دەچێت هۆی مردن و فەوتانی کۆمەڵێک لە زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکانی ئەمریکای باکوور و بەرازیل و ئوسترالیا و ئەفریقا، ئەو حاڵەتە بووبێ. توێژەران پێیانوایە لە کۆی نزیکەی سێ چوار هەزار زمانی جیهان، لە سەدا هەشتایان تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم بپووکێنەوە و نەمێنن، ئەگەر ئەم پێشبینییە بێتە دی بێگومان کارەساتێکی کولتووری ڕاستەقینە بە خۆوە دەبینین، چونکە کاتێک زمانێک دەمرێت گەنجینەیەکی گەورەی فۆلکلۆر و ئەفسانە و گۆرانی و ستران و دابونەریت و خو و خدە و باوەڕێن ئایینی و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان کە ئاوێنەی جیهانبینی تایبەتی خەڵکانی سەر بەو زمانە بووە، لەگەڵیدا دەمرێت و دەفەوتێ، بۆیە لەو ساڵانەی دواییدا زۆر بنکە و مەڵبەند لە شوێنانی جیاوازی جیهان هاتوونەتە دامەزراندن بۆ پاراستنی ئەو زمانانەی کە مەترسی مردنیان لەسەرە.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە هەر میللەتێک لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە زمان و کولتووری خۆی خۆش دەوێ و بە یەکێک لە مەرجەکانی بوونی کۆمەڵایەتی خۆیی دەزانێت و وەک ناسنامەی تایبەتی شانازیی پێوە دەکات، بۆیە بە ئاسانی و بە تەواوەتی تەسلیم بە زمان و کولتوورێکی بیانی نابێت و ئەمە بە سەرەتای توانەوە و مەرگی خۆی دەزانێت. بۆ نموونە ئەگەر لە ئاستی یۆگسلاڤیای جاراندا هەڵوەستەیەک بکەین، دەبینین سەرباری ئەوەی بۆ چەندان دەیە خەڵکی دەڤەرە جیاوازەکانی یۆگسلاڤیا بە زمانی هاوبەشی سربۆ-کرات قسەیان دەکرد، بەڵام دوای جیابوونەوەی کۆمارە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە یەکدی، هەر یەکێک لە میللەتەکانی یۆگسلاڤیا گەڕانەوە سەر زمانی خۆیان و کردیان بە زمانی فەرمی وڵات و نەتەوە، یان ئەگەر تەمەشای وڵاتانی ئەسکەندەناڤی بکەین، دەبینین زمانانی سوێدی، نەرویجی و دانیمارکی جیاوازییەکی زۆر کەمیان لە یەکتر هەیە و ئەوەندەیان خاڵی هاوبەش لە نێواندایە کە خەڵکی ئەو وڵاتانە دەتوانن لە یەکدی حاڵی ببن، کەچی هەر بۆ خۆجیاکردنەوەی ئەو میللەتانە لە یەکتری، وەک سێ زمانی جیاواز و سەربەخۆ ناودەبرێن و حیسابیان دەگەڵ دەکرێت. بەم پێیە پێدەچێت ناسنامەی نەتەوەیی- کولتووری دەگەڵ بیرۆکەی یەک زمانی هاوبەشی جیهانیدا، یانی دەگەڵ جیهانێکی تاکزمانیدا تێک نەکاتەوە، هەڵبەتە بمانەوێ و

نەمانەوێ ڕەواج و برەوی زمانێکی جیهانی کار دەکاتە سەر بنیادی دەستووری و فۆنۆلۆژی زمانەکانی دیکەی جیهان و دووچاری گۆڕانیان دەکات، بگرە هەندێک جار دەشیشێوێنێ، بۆیە هەندێ لە وڵاتانی دنیا زۆر بە حەساسیەتەوە بەرخورد و مامەڵە دەگەڵ ئەو دیاردەیەدا دەکەن و یاسا و ڕێسای یەکجار توندیان بۆ پاراستن و بژاری زمانی نەتەوەیی خۆیان داناوە، یەکێک لەو وڵاتانە فەڕەنسایە.

جا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا هیچ لەمپەر و بەرهەڵستێک هەیە بتوانێت ڕێگە لەو گوڕبەستنەوەیەی زمانی ئینگلیزی بەرەو بە جیهانی بوون بگرێت؟

هەڵبەتە ئەگەر ڕەواج و برەوی زمانێک وەک مەسەلەیەکی سیاسی وەربگرین، ئەوە لەم حاڵەتەدا هەر گۆڕان و گۆڕینێک لە مەیدانی هاوسەنگی هێز و دەسەڵاتی جیهانیدا لەوەیە گۆڕینی ئەو زمانە جیهانییەی لێ بکەوێتەوە، بۆ نموونە لە سەردەمانی ڕابوردوودا زمانی لاتینی و فەڕەنسی ڕەواجی جیهانییان هەبووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە سیاسییەکاندا، ڕەواج و پایە جیهانییەکانی خۆیان لە دەست داوە، بەڵام مەرج نییە ئەم حاڵەتە بۆ هەموو سەردەم و هەموو زمانێک دروست دەربچێت و بە یاسا و ڕێسای بنجبڕ و نەگۆڕ بزانرێ، جا سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی، حاڵی حازر لە بارودۆخێکی جیهانی هێندە لەبار و کۆک و پتەودایە پێناچێت تەنانەت بە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا، یان ڕووخانی بریتانیا و بوونی بە کۆڵۆنی وڵاتێکی غەیرە ئینگلیزیش، بە ئاسانی پاشەکشە بکات و بپووکێتەوە و بمرێت، بەڵام لەوەیە ئەگەر زانایان لە بواری سنعەتی پاچڤەدا، ئامێرێکی وەرگێڕانی پوختە و دروست دابهێنن، هەنگێ پێویست بە فێربوونی یەک زمانی جیهانی نەمێنێت، ئەمەش تا ئیستا هەر ئەگەرە و کاری لەسەر دەکرێت و سەرباری ئەو پێشکەوتنە خێرا و بەرچاوانەی لەم بارەیەوە بە دەست هاتوون، هێشتاش دروستکردنی ئامێرێکی وەرگێڕانی نموونەیی و تەواو بەم زووانە بە دوور دەزانرێ، بۆیە زمانی ئینگلیزی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تاکە زمانە کە بێ هیچ ڕەقیب و خەنیمێکی جیددی لە ئاستێکی زۆر بەرین و کاریگەردا لەلایەن خەڵکی جیهانەوە بەکاردەبرێت، واتە هەلومەرجی ئەمڕۆکە لە قازانجی بە جیهانی بوونی زمانی ئینگلیزیدایە، بەڵام هیچ شتێکیش جێگیر و نەگۆڕ نییە. مێژووی زمانان زۆرجار ئەوەی نیشان داوە کە زمانانیش وەک ئیمپراتۆریەتەکان قۆناغی پەیدابوون و سەرهەڵدان و بەهێزبوون و گەیشتنە لووتکە، پاشان سەردەمی داڕووخان و هەرەسی خۆیان هەبووە. ئەگەر لە سەدەکانی ناڤیندا کەسێک باسی مردنی زمانی لاتینی کردبا، گاڵتەیان پێ دەکرد، لە سەدەی هەژدەیەمدا کەسێک باسی پاشەکشەی زمانی فەڕەنسی لە جیهانی سیاسەتدا کردبا بە شێتیان دەزانی، هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێ هەرچەندە هەفتەیەک لە دنیای سیاسەتدا زۆر و دووروودرێژە، بەڵام لە دنیای زمانناسی و زمانەوانیدا سەدەیەکیش هەر کەمە.

دەشێت بەهێزبوون و گەشەسەندنی بزاڤە ناسیونالیستییەکانی دنیا بە ئەگەرێکی پاشەکشەی ڕەواجی جیهانیی زمانی ئینگلیزی دابنرێ کە پێشتر و لەم وتارەدا ئاماژەیەکی خێرامان بۆ کردووە، بە کوردی و بەکورتی یەکێک لە هەوڵە کاریگەر و پراکتیکییەکانی چێکردنی پێوەندی جیهانی، بریتییە لە هاندانی فێربوونی زمانێکی ئاسایی و سروشتی وەک زمانێکی جیهانی، ئەوجا ئەم زمانە ئاساییە

وەختـێ دەشـێت وەک زمانێکـی جیهانـی جێـی خۆی بکاتـەوە کە لە وڵاتانی جیاوازی دنیادا چ وەک زمانی زگماک، چ وەک زمانی دووەم و چ وەک زمانی یەکەمی بیانی بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر بەکارببرێـت، واتـە دەبێـت ئـەو زمانـە سـەنگ و ئیحتوبارێکـی ئەوتـۆی هەبێـت کـە خەڵکانێکـی بێگانـە بـەو زمانـە، خۆبەخـش و لـە پێنـاوی مەرام و بەرژەوەندییـە بازرگانـی، ئابـووری، سیاسـی و کولتوورییەکانی خـۆدا هەوڵـی فێربوونـی بـدەن. هەڵبەتـە یەکێـک لـە فاکتـەرە سـەرەکییەکانی بـە جیهانیبوونـی زمانێکـی ئاسـایی، ئەوەیـە کـە لـە شـوێنانی زۆردا خەڵکانێـک هەبـن بـەکاری بێنـن، با ئـەو شـوێنانە لـە ڕووی جوگرافیاییـەوە لێکدی دووربـن، ئەمـەش مەسـەلەیەکە پێوەنـدی بـە دەسـەڵات و هێـزی سیاسـی و ئابووری، لەشکریی ئەو وڵات، یـان وڵاتانـەوە هەیـە کـە ئـەو زمانـە بـە زمانـی زگماکیـان دەژمێردرێـت.

حاڵـی حـازر زمانـی ئینگلیـزی بـە حوکمـی ئەوەی لـە هەمـوو مەیدانـە ئابووریـی و بازرگانیـی و سیاسـیی و هونەریـی و وەرزشـی و لەمانـەش گرنگتـر لـە دنیـای کۆمپیوتـەر و تـۆڕی ئینتەرنێتدا بـوون و ئامادەییەکـی چـڕ و سـەخی هەیـە، بـە عەمەلـی و لـە مەیدانـی پراکتیکیـدا دەوری زمانێکـی نیمچـە جیهانـی دەبینێـت، بۆیـە ئـەم دیاردەیـە وێـڕای لایەنـە ئەرێنییەکانـی، مەترسـی خێراکردنـی مەرگـی زمانـە لـۆکاڵ و ناوچەیـی و نەتەوەییـە بچووکەکانیشـی لـێ دەکرێـت، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە زمانـی ئینگلیزیـش دیالێکتـی جیاوازی هەیـە و هەندێـک جار کار دەگاتـە ئەوەی خەڵکانـی سـەر بـە دیالێکتـە جیاوازەکانی زۆر بـە زەحمـەت لێکدی دەگـەن و لەوەیـە هەندێـک جار لـە یەکتریـش حاڵـی نەبـن.

«٤»

یەکێـک لـە چیرۆکەکانـی تـەورات ئەوەیـە کـە گوایـە «لـە ڕۆژگارانـی کۆنـدا، ڕۆڵەکانـی ئـادەم لەسـەر ڕووی زەوی هەمـوو بـە یـەک زمان قسـەیان دەکـرد، تـا زەمانێـک هـات کـە لێبڕان لـە ڕۆژهەڵات کـۆچ بکـەن و بـڕۆن. کەوتنـە ڕێ تـا گەیشـتنە دەشـتێک لـە دەڤـەری شـنعار و لـەوێ هەواریـان خسـت و ئاکنجـی بـوون، پاشـان بـە یەکتریـان گـوت: وەرن بـا بۆخۆمـان شـارێک دروست بکەیـن و بورجێکـی لەسـەر دروسـت بکەیـن، بورجێـک هێنـدە بـەرز و بڵنـد بێـت کـە سـەر لـە ئاسمانی خـوا بسـوێ تـا بـەم جـۆرە بگەینـە عـەرش و چیتر لـەم سـەرزەمینە پانوبەرینـەدا پەرتـەوازە و ئاوارە نەبیـن. لـەم کاتـەدا یەهـووە هاتـە خـوارێ تـا ئـەو شـار و بورجـە بدینێـت کـە فەرزەندانـی ئـادەم خەریکـی دروسـتکردنی بـوون. یەهـووە لـە بێباکـی و بـێ پەروایـی ئـەم قەومـە کەوتـە ترسـەوە و بـە خـۆی گـوت ئـەم خەڵکـە یەکگرتـوو و یەکپارچـەن و زمانێکـی یەکگرتـووی یەکپارچەیـان هەیـە و بـەم یەکپارچەییـە هەمـوو کارێکیـان لـێ دەوەشـێتەوە و لـە دەسـت دێـت. ئیـدی یەهـووە بیـری لـە چارەیـەک کـردەوە کـە نەخشـەکەیان لـێ تێکبدات و ڕیسـەکەیان بکاتـەوە بـە خـوری و کارێکـی وەهای کـرد کـە چیتـر لـە زمانـی یەکـدی حاڵـی نەبـن. وەختـێ نەیانتوانـی لـە زمانـی یەکـدی بگـەن، تەفرەقـە و ناکۆکییـان کەوتـە نـاو و دەسـتیان لـە دروسـتکردنی بورجەکـە هەڵگـرت و بەسـەر زەمینـی پانوبەرینـدا بڵاوبوونـەوە و پەرتـەوازە بـوون.»

هەڵبەتـە جـۆرە باوەڕێـک هەیـە کـە گوایـە تیـرەی بەشـەر لـە کۆنـی کۆنـدا یـەک زمانـی هەبـووە و هەمـووان هـەر بـەو زمانـە دواون و لێکدی حاڵـی بـوون و بـە ئارامـی ژیانیـان بەسـەر بـردووە، دیـارە ئـەم بۆچوونـە ڕەگوڕیشـەیەکی

ئەفسانەیی- ئایینی هەیە و ڕەنگە ئەمە تەنیا خەون و خەیاڵ و خولیایەکی بەشەری بووبێ لە قاڵبی ئەفسانان و چوارچێوەی ئایینیدا خۆی نواندبێت. پاش بێهودەیی و بێ ئاکامی ئەو هەوڵانەی بۆ دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی ئەم زمانە دران، خەڵکانێک کەوتنە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە زمانێکی دەستکردی دروستکراوی هاوبەش بۆ هەموو تیرەی بەشەر دابێنن و جیاوازی زمان نەبێتە مایەی بەدحاڵی بوون و بەو زمانە دەستکردە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە جیاوازی زمانان لە نێوان تیرەی بەشەردا چێی کردووە، دیارە هەوەڵین هەوڵەکانی ئەم بوارە بەو نەفەسەوە بوو زمانێک دروست بکرێ کە هیچ نزیکایەتی و خزمایەتییەکی دەگەڵ زمانە ئاسایی و زیندووەکانی دنیادا نەبێت و هیچ میللەتێک پێی قەڵس نەبێت.

هەڵبەتە ئەم دوورەپەرێزییە لە زمانانی ئاسایی و زیندووی دنیا، بووە مایەی ئەوەی کە ئەو زمانە دەستکردانە زۆر نامۆ و بێگانە بنوێنن و لەلایەن کۆمەڵگە بەشەرییەکانی جیهانەوە پێشوازییەکی ئەوتۆیان لێ نەکرێت و لە دوا ئەنجامدا شکست بێنن، ئیدی خەمخۆرانی زمانانی دەستکرد هەر کۆڵیان نەداو لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەدا، بە بۆچوون و تیورییەکانی خۆیاندا چوونەوە و کەوتنە سەر کەڵکەڵەی دروستکردنی زمانانی ئەزموونگەری و بیریان لەوە کردەوە کە زمانێک دروست بکەن کە لە زمانانی ئاسایی و خۆڕسکەوە هەڵێنجرابێت و وەرگیرابێت، سەرکەوتووترین هەوڵی ئەم بوارە زمانی (سپرانتۆ) بوو کە لایەنگرانێکی فرەی پەیداکرد و لە زۆر وڵاتاندا برەوی پەیداکرد و ڕەواجی سەند، بەڵام ئەم زمانەش نەیتوانی ببێ بە ئەڵقەی پێوەندی و حاڵیکردن و لێکحاڵی بوونی نێونەتەوەیی و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار بەرەبەرە دایە کزی و دایەوە کەندێ. یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی بە جیهانی نەبوونی زمانانی دەستکرد ئەوەیە کە ڕەواج و بڵاوبوونەوە و فێربوونی هەر زمانێک هاندەرێکی ماددی، یان مەعنەوی، یان ناچارییەک، یان پێویستییەکی لە پشتەوەیە کە ئەمە لە زمانی دەستکرددا نییە، ئەمە جگە لەوەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاڤۆک و بڵاوکراوان و چاپەمەنی بەم زمانە بودجەیەکی یەکجار گەورە و مۆڵی گەرەکە.. هۆیەکی تری پێشوازی نەکردن لەم زمانە (سپرانتۆ) ئەوەبوو، چونکە لەسەر بنەمای یەک دوو زمانێکی ئەورووپایی ڕۆنرابوو، خەڵکە غەیرە ئەورووپاییەکان گوێیان پێ نەدا و وەک پێویست پێشوازییان لێ نەکرد.

هەر زمانێک بگری بۆ خۆی سستمێکە لە ڕەمز و نیشانان بۆ دەرککردن و تێگەیشتن لە جیهان، واتە ڕێگەیەکە بۆ تێگەیشتن لە جیهان، بۆیە تا ژمارەی ئەو ڕێگایانە زیاتر بێت ئەگەری تێگەیشتنی دروست لە جیهان و ژیان پتر دەبێت، بەڵام خۆ لە دنیای ئەمڕۆدا کێشە و گرفتی پێوەندی نێونەتەوەیی جیهانی مۆدێرنیش کێشەیەکە و سەنگی خۆی هەیە و مەسەلەیێن بازرگانی و پاراستن و بەرقەراری ئاشتی نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخ و گرینگی زیاتر پەیدا دەکات و زمان و نزیکی زمانان لە یەکتر لەم زەمینەیەدا دەوری گرنگ دەبینێت و ئەفسانەکەی بورجی بابل کە پێشتر ئاماژەمان کردێ و وەک نموونەیەک هێنامانەوە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی بنەڕتی زمان لە پێوەندی و هاوکارییە مرۆڤانییەکان و ڕەنگدانەوەی کەڵکەڵەی دێرینی ئینسانە کە هەموو تیرەی بەشەر یەک زمانیان هەبێت.

دیارە لە کۆنی کۆنەوە مرۆڤ هەستی بەوە

کردووە کە پێویستی بەوەیە لێکدی حاڵی ببێ و ئەم پێویستییەش بە پێی قۆناغ و ڕۆژگار و دەگەڵ دروستبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەیێن شاری شارستانیەتە جیاوازەکاندا زیادی کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا وەبەر پاچڤە و وەرگێڕان براوە و لەو ڕۆژگارەوە کە بەرخورد و تەماس لە نێو گرووپ و کۆمۆنە بەشەرییەکاندا پەیدابووە، پاچڤە و پاچڤەوانان دەورێکیان لە چێکردنی پێوەندییە مرۆڤانییەکاندا هەبووە، واتە وەرگێڕان ڕێگەیەک بووە بۆ زاڵبوون بەسەر لەمپەر و کۆسپە زمانەوانییەکان و نزیکخستنەوە و تێگەیاندنی مرۆڤ لە یەکتری. هەڵبەتە وەرگێڕان لەسەرەتاوە و تا ئیستاش تەنیا کەناڵی دروسکردنی پێوەندی و لێکدی حاڵی کردنی خەڵکی دەڤەر و وڵاتانی جیاواز نەبووە، بەڵکوو هۆیەکی کاریگەریش بووە بۆ گوێزانەوەی بیر و کولتوور و هونەری بەهرەداران و زانایانیش.

دیارە وەرگێڕانیش زادەی پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی بەشەرە و پێ بە پێی گۆڕانی ئەو پێویستییانە ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەڵبەتە لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا بارودۆخی دنیا گۆڕانی گەورەی بە خۆوە بینیوە. مەسەلەی سەفەر و کرانەوەی سنووران لە بەردەم ئەهلی سەفەر و ئەوزاری سەفەرکردن و شۆڕشی زانستی -تەکنۆلۆژی کردیانە کارێک کە وەرگێڕانیش لەوە دەربچێت تەنیا ئەوزارێک بێت بۆ پاچڤەی بەرهەمێن ئەدەبی و فەلسەفی، بەڵکوو بوو بە ڕێگەیەک بۆ چارەسەری چاککردنی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، بەهەرحاڵ ئاڵۆزبوون و خێرابوونی ڕەوتی ژیان لە هەر هەموو زەمینە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و زانستیی و ڕۆشنبیریی و تەکنۆلۆژییەکاندا کردیانە کارێک کە کەموکووڕی و سستی و خاوی تەرجەمە بەشەرییەکان زیاتر دەربکەوێ و زانایان و پسپۆڕان بیر لە داهێنانی شێوەیەکی کاریگەرتر و کاراتری وەرگێڕانی خێرا و بێ هەڵە و بێ کەموکووڕی بکەنەوە. کەڵکەڵەی ئەم پسپۆڕ و زانایانە ئەوەبوو ئەوزارێکی میکانیکی و لە هەمان کاتدا هۆشمەندی ئەوتۆ بۆ وەرگێڕانی دەقی جیاواز دابهێنن کە هەر تاکێک بتوانێت بێ ئەوەی پێویستی بە فێربوونی زمانانی دیکە بێت، هەردەقێکی زمانانی دی بۆ سەر زمانی زگماکی خۆی پاچڤە بکات و هەردەقێکی زمانی خۆیشی بۆ سەر زمانانی دی وەربگێڕێت، دیارە هەوڵ و کۆشش لەم بوارەدا بەردەوامە و تا ئیستا یەکێک لە گرفت و کێشەکانی وەرگێڕانی میکانیکی ئەوەیە کە شارەزا و پسپۆڕانی وەرگێڕانی میکانیکی بە خۆیان پاچڤەوانی پیشەیی نین و تەنیا بەسەر زمانی زگماکی خۆیاندا زاڵن و لە وردەکاری و هەستیاریی وەرگێڕانی باش بێ ئاگان.

یەکێکی دیکە لە کێشە گەورەکانی ئەم شێوە وەرگێڕانە (وەرگێڕانی میکانیکی) ئەمەیە، چونکە ئامێری پاچڤەکردنەکە لە هۆش و هەست و زانست و زانیاریی میتازمانی ئینسانی بێبەش و بێ بەهرەیە ناتوانێت ئاڵۆزی بنیادی، فۆنۆلۆجی و وشەوانی و سینتاکسی زمانەکان دیاری و دەستنیشان بکات، ئەوجا ئەمە خۆی لە خۆیدا کردوویەتێ کارێک کە پێشکەوتووترین ئامێری وەرگێڕانیش کاریگەرییەکی سنووورداری هەبێت و لە بوارەکانی ئەدەبیات، فەلسەفە، ئایین دەستەوەستان بێت و نەکارێت وەرگێڕانێکی لەبار و پەسەند بە دەستەوە بدات.

وەرگێڕان پرۆسەیەکە بۆ گوێزانەوەی چەمک و چەمکە زمانییە هاوبەشەکان لە هەردوو ڕووی ڕوخسار و ماناوە، شێوە و ناوەڕۆکەوە.

مانا لە بنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ئەزموونی بەشەرە دەگەڵ ژینگەی خۆیدا، بۆیە بەشەر ئەگەر ئەزموون و تەجرەبەی دەگەڵ شتێکدا نەبێت و نەیناسێت لە چەمک و مانای ئەو شتە وەک پێویست تێناگات و نەک هەر لە لایەنی زمانەوانییەوە، بگرە لە ڕووی عاتیفی و بەرخوردی کۆمەڵایەتیشەوە ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، دیارە شێوەی ئەم ئەزموون و تەجرەبەیەش لە زمانە جیاوازەکاندا فەرق دەکات، واتە زمانانی جیاواز، مانای جۆراوجۆر لە شێوە و قاڵبی تایبەتدا بەرجەستە دەکەن، واتە مانا هەرگیز لە دوو زمانی جیاوازدا سەدی سەد تێک ناکەنەوە و وەک یەک نابن، ئەمە جگە لە مانای خوازەیی و مەجازی کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێت، تەنانەت قامووس و فەرهەنگیش ئەم گرفتەیان وەک پێویست چارەسەر نەکردووە، چونکە فەرهەنگ زیاتر مانای ئاشکرا و ڕاستەوخۆی وشە بە دەستەوە دەدات.

بەهەرحاڵ بەشەر بە حوکمی ئەوەی بوونەوەرێکی ئەزموونگەرایە، هەقی خۆیەتی هەموو شتێک تاقی بکاتەوە و بجەڕبێنێت و لە بواری چێکردنی پێوەندییەکی هاوبەشی جیهانیدا هەردوو جۆری وەرگێڕانی بەشەری و وەرگێڕانی میکانیکی و دروستکردنی زمانانی دەستکردی جەڕباندووە و بەردەوامە لەسەر تاقیکردنەوەی زیاتری ئەو بوارانە و مەسەلەی زمانی دەستکرد، بەرەبەرە و لە سەدەی هەڤدەیەمەوە ئیدی لەوە دەرچوو تەنیا خەیاڵ بێت، هاتە مەیدانی تەجروبە و ئەزموونی پراکتیکییەوە، بەڵام ئەگەر سەرنجی پرۆژە زمانەوانییە دەستکردەکانی سەدەکانی هەڤدە- نۆزدە بدەی دەبینی ئەم پرۆژانە زیاتر ڕەنگدانەوەی حەز و خەون و خولیای خاوەنەکانیان بوون تا پردی پێوەندی بن.

بەهەرحاڵ لە سەدەکانی ناڤیندا کاتێک کە زمانی لاتینی دەورێکی نیمچە نێونەتەوەیی لە نێوەندە خوێنەوارەکەدا دەبینی کەس کێشەیەکی زمانەوانی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام لە سەدەی هەڤدە و هەژدەدا لە گەڵ سەرهەڵدانی ناسنامەی ناسیونالیستی، پاشان پەیدابوونی ناسنامەی زمانەوانی وڵاتانی ئەوروپایی، لاتینی کەوتە پاشەکشە و لە ئەوروپادا جۆرە بۆشاییەکی زمانەوانی، بۆشایی زمانێکی هاوبەش، یان نیمچە هاوبەش دروست بوو و لەگەڵ پەرەسەندنی بازرگانی جیهانی و گۆڕان و پەلوپۆ هاویشتنی کایە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی، ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی ژیاندا زیاتر هەست بە زەروورەتی بوونی زمانێکی هاوبەش کرا، بۆیە توێژەران و پسپۆڕان کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان لەو زمانە دەستکردانەی کە هیچ لێکچوونێکیان بە زمانانی ئاسایی خەڵکییەوە نەبوو، بەدەست نەهێنا، ڕوویان کردە ئەوەی زمانێکی دەستکرد لەسەر نموونە و کەتەلۆکی زمانانی ئاسایی دروست بکەن، واتە هەندێ زمانی ئاسایی بکەن بە هەوێن و ماکی ئەو زمانە دەستکردە. هەڵبەتە لە ماوەی سەدەیەکدا پتر لە سەد زمانی دەستکرد لەسەر بنەمای نموونەیێن ئەزموونگەری و نموونەی ئاسایی دروست کران کە سەرکەوتووترینیان زمانانی (سپرانتۆ، ڤلاپوک و ئایدۆ) بوون، بەهەرحاڵ هیچ یەکێک لەو زمانە دەستکردانە لە واری پراکتیکیدا نەبوون بە زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی، چونکە لەلایەکەوە لەژێر گوشاری کاریگەریی زمانی زگماکی ئەو کەسانەدا کە فێری دەبوون و بەکاریان دەهێنا گۆڕانی جەوهەرییان بەسەردا دەهات و لەلایەکی ترەوە لەلایەن خەڵکانی ئەوروپای ڕۆژاوا و بە مەبەستی بەکارهێنان لە ئەوروپادا داڕێژرا

بوون، چونکە کەلەپوورێکی زانستی، ئەدەبی و هونەرییان نەبوو، وەک پشتیوانییەکی زمانەوانی پشتی پێ ببەستن و ڕەگیان دەچووەوە سەر زمانانی هیند و ئەوروپایی، ئەگەر بۆ ئەورووپاییەکان ئاشنا و ئاسایی بوون، ئەوە بۆ خەڵکانی غەیرە ئەوروپایی نامۆ و بێگانە بوون و بەئاسانی پێشوازییان لێ نەدەکرا.

بەهەرحاڵ هەوڵی بە جیهانیکردنی زمانی ئاسایی و خۆرسکیش لە مێژوودا پێشینەی خۆی هەیە و هەوەڵین هەوڵی ئەم بوارە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا بۆ زیندووکردنەوەی زمانی لاتینی دراوە و سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بۆیە لەبری هەوڵی زیندووکردنەوەی زمانێکی مردوو پێشنیازی ئەوە کراوە کە یەکێک لە زمانە ئاسایی و خۆرسکەکان بکرێ بە زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی، ئەوەبوو زمانی فەڕەنسی لە نێوان ساڵانی ١٦٥٠-١٧٥٠دا لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە لە ئەوروپادا بەسەر زمانی میللەتانی دیکەدا زاڵ بوو وەک زمانێکی کۆمەکی نێونەتەوەیی ڕەونەق و ڕەواجی نیمچە جیهانی پەیدا کرد، بەڵام ئەمە بەردەوام نەبوو، ئیدی لە ماوەی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی نیمچە نێونەتەوەیی هاتە مەیدان و پاشەکشەی بە هەموو زمانەکانی دیکە کرد، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بریتانیا، پاشان ئەمریکا لە مەیدانە بازرگانی و پیشەسازی و زانستییەکاندا بوون بە پێشەنگی دنیا و هەڵبەتە خەڵکیش ڕوو دەکەنە فێربوونی زمانێکی بیانی کە ئەوپەڕی سوود و قازانج لە بەکارهێنانی ببینن، بەڵام لەو سەد و پەنجا ساڵەی دواییەدا فاکتەرێکی دیکە هاتە گۆڕێ و وەک کۆسپ و لەمپەرێک لەبەردەم ڕەوتی بە جیهانیبوونی ئینگلیزی، فەڕەنسی و هەر زمانێکی دیکەی ئاسایی قوت بووەوە، ئەویش فاکتەری سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و نەتەوەگەرایی بوو. ئیدی لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنساوە هەستی ناسیونالیزم لەلای هەموو نەتەوە بچووک و گەورەکان گەشەی کرد و ئارەزووی خەڵکی هەر وڵاتێک ئەوە بوو کە زمانی زگماکی خۆی وەک ڕەمز و نیشانەی نەتەوەیی خۆ بەکاربێنن و بە فاکتەری یەکخستن و یەکێتیی نیشتمانی بزانن و ئامادە نەبن دەسبەرداری ببن، بەم پێیە بەربەرەکانی زمانی ئینگلیزی گەشەی کردووە، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئەو ئینگلیزی زمانانەی کە ئینگلیزی زمانی زگماکیان نییە، گۆڕانی گەورە، بە پێی واقیعی جوگرافی ئەو خەڵکانە، لە زمانی ئینگلیزیدا ڕووی داوە، ئەوجا وەک چۆن نەبوونی ناسنامە و پاشخان و کەلەپوورێکی دەوڵەمەند و بە ڕەگوڕیشە لە زۆر شوێنی جیاوازی دنیادا بوو بە کۆسپ لەبەردەم قەبووڵکردن و بە جیهانیبوونی زمانانی دەستکرد، بەو ئاوایەش کەلەپوور و پاشخان و ناسنامەی کولتووری، کۆمەڵایەتی، نەژادی جیاواز بە گەورەترین کۆسپی بەردەم قەبووڵکردن و بە جیهانیبوونی هەر زمانێکی ئاسایی و خۆرسکی دنیا دەژمێردرێ، ئەوجا بەم پێیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە زەرووەتی لێکدی حاڵیبوون و بەرقەراری پێوەندی کۆمەڵگەی بەشەری دەگەڵ زەرووەتی پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی نەتەوەییدا نەک تێکناکەنەوە، بگرە زۆرجارش هەڤدژن.. یەکەمیان بەرەو زەرووەتی فێربوونی زمانێکی ستانداردی نێونەتەوەیی و دەستبەرداربوونی تایبەتمەندی نەتەوەیی دەچێت و دووەمیان بەرەو پابەندی بەکولتووری زمانی زگماک و خۆماڵی دەچێت.

ڕەنگە پەیڕەوی کردنی میتودێکی دروستی

خوێندنی جووتزمانە بە پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی و بەهاوکاری هەمەلایەنەی وڵاتانی جیهان لەم ڕووەوە لە سوود بەدەر نەبێت، دیارە ئەمەش بۆ خۆی ئەزموونێکە و وەک هەر ئەزموونێکی دیکەی ژیان لە ئەگەری سەرکەوتن و بەسەرسەراکەوتن بەدەرنابێت، بەڵام خۆ ئەگەر ئەو زمانەش، واتە زمانی ستانداردی هاوبەشی جیهانی هاتە دی، ئەویش جارێکی دی، خۆبەخۆ لقوپۆپ دەهاوێت و دیالێکت و شێوەزمانانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو زمانە لە لایەن خەڵکانی زمان جیاوە وەردەگیرێت و بەکاردەبرێت و شەقڵ و تایبەتمەندی خۆی پەیدا دەکاتەوە. شێوەزار و دیالێکتەکان لە ئەنجامی گۆڕانکاری ناوخۆییەوە و لە ئەنجامی وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە، زوو بە زوو لێکدی دوور دەکەونەوە و تا دوای چەند سەدەیەک لە هەمان زمانی ستانداردی جیهانییەوە کۆمەڵێک زمانانی جیاوازی سەربەخۆ پەیدا دەبێت و ئیدی هەمان تاس و حەمام، هەموو کێشە پاچڤەوانییەکان، زەرووڕەتی فێربوونی زمانی بیانی و... تاد دەست پێ دەکاتەوە.

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**


*** محمدی قازی کیست وچه کرد؟ سید علی صالحی، چاپ اول (١٣٦٨).**

*** کتاب مقدس، عهد عتیق وعهد جدید/ انجمن پخش کتب مقدسه/ ١٩٨٢.**

*** زبان، ترجمة، ارتباط فرهنگ ها، حسین یعقوبی/ چاپ اول (١٣٨٤).**

*** فن الترجمة، ت: د. حياة شرارة، ١٩٧٩، سلسلة الموسوعة الصغيرة.**

*** فن الترجمة في ضوء الدراسات المقارنة، صفاء خلوصي.**

*** مترجم شدن، داگلاس رابینسون، ترجمه رضی خدادادی (هیرمندی)، چاپ اول ١٣٨٠.**

*** پەلکە ڕەنگینە، چ١، (٢٠٠٤)، وەزارەتی ڕۆشنبیری، حەمەکەریم عارف.**

*** شیعرکوژی، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک، چ١، (٢٠١٠) حەمەکەریم عارف.**